
چەند ڕاستکردنەوەیەک
دەربارەی جەژنی نەورۆز

## بەناوی خودای گەورە و میهرەبانەوە

# "چەند ڕاستکردنەوەیەک دەربارەی جەژنی نەورۆز"

**سەری ساڵی نوێی کوردی کە بە نەورۆز ناونراوە، لە ڕاستیدا لە کۆندا کورد پێی گوتووە (نو ڕۆژ) واتە "ڕۆژێکی نوێ" لە شێوەزاری کوردمانجیدا و وشەی نەورۆز بەهۆی زاڵکردنی وێژەی فارسی بەسەر کوردا لە ماوەی هەشتا ساڵی ڕابردوودا دروست بووە و جێگەی زاراوە راستەقینەکەی گرتووەتەوە. بۆیە وشەی نەورۆزی فارسی بووە بە ستاندارد وە بە کوردی پێی دەوترێت جەژنی سەری ساڵ چونکە یەکەم ڕۆژی ساڵنامەی کوردییە.**

**"تا لە مێژووی نەورۆز تێنەگەیت لە مێژووی کورد تێناگەیت" - مێژوونووس سۆران حەمەڕەش**

**هەروەها نوسەری کورد سۆران حەمەڕەش ڕوونی دەکاتەوە کە کاوەی ئاسنگەر و زوحاک، کە لەڕاستیدا ناویان (نینورتا و ئاساگ بووە) لە داستانی سۆمەریدا (3000پ.ز.) هەبووە و دوو خوداوەندی سۆمەری بوون و هەردووکیان کورد بوون بەڵام ناکۆکیان لەنێوانیاندا هەبووە چونکە ئاساگ کەلە ئێستادا بە زوحاک ناوی هاتووە، کوردی چیا بووە (واتا گوودی بووە) و زوڵمی لە کوردانی دەشت دەکرد (کە سۆمەرییەکان بوون) بۆیە نینورتا دژی وەستاوەتەوە و سەری لە لاشە جیاکردووەتەوە، پاشان ئاگری لەسەر چیاکان کردووەتەوە چونکە ئاساگ پاشای گوودیەکان (کوردی چیا) بووە و بەمەش هەردوو نەتەوەی هاوزمان**

**(گوودییەکان) کە کوردانی چیا بوونە وە سۆمەرییەکان کە کوردانی دەشت بوونە یەکیان گرت و نەتەوەیی کورد دروست بوو.**

**هەروەها مێژوونوسی کوردی موسڵمان (ئەبو حەنیفە دینەوەری) 896-826 سەرەتایی دەرکەوتنی نەتەوەیی کورد دەبەستێتەوە بە نەورۆزەوە (وتا دوای کوشتنی ئاساگ [زوحاک] سۆمەریەکان (کوردانی دەشت) و گوودیەکان (کوردانی چیا) دووبارە یەک دەگرنەوە لەژێر ناوی نەتەوەیی کورد.**

## نەورۆز بەشێکە لە کلتووری ئەرەب و فارس و ئازەری و تورک؟

**نەخێر. لە ڕابردوودا نەورۆز لە چەند وڵاتێک قەدەغە کرابوو، لەوانە تورکیا، عێراق، ئێران. ئەمەش زۆر جار بەهۆی گرژی و ململانێی سیاسی نێوان حکومەتە دەسەڵاتدارەکان و دانیشتوانی کوردەوە بوو، ئەمەیش ڕوونی دەکاتەوە کە بۆنەیەکی کوردییە، ئیدی ئەم دژایەتییە نەیتوانی کورد بتوێنێتەوە، بەڵکو کردیان بە بەشێک لە کلتووری خۆیان ئەمەیش پێی دەڵێن (جەنگی سارد دژ بە کورد).**

**نەورۆز وەک هێمای بەرخۆدان بەکارهێنراوە، بەهۆی گرنگییە کولتوورییەکەی و هەوڵە مێژووییەکانی بۆ قەدەغەکردنی جەژن، نەورۆز بووەتە هێمای بەرخۆدانی کورد و ڕێگایەک بۆ ئەوەی کورد دووپات بکاتەوە بە ناسنامە و میراتی کولتووری خۆی. نەریتەکانی نەورۆز بریتین لە داگیرساندنی ئاگر، کە یەکێک لە ناسراوترین نەریتەکانی پەیوەست بە نەورۆزەوە داگیرساندنی ئاگرە. پێدەچێت ئەمەش هێمای سەرکەوتنی ڕووناکی بەسەر تاریکیدا و هاتنی بەهار دوای زستانێکی درێژ و تاریک بێت.**

**هەڵبژاردنی ٢١ی ئازار بۆ ئاهەنگی نەورۆز هەم گرنگییەکی فەلەکی و هەم گرنگییەکی فەرهەنگیی هەیە. لە ڕووی فەلەکییەوە ٢١ی ئازار یەکسانبوونی بەهارییە، کە ئەو خاڵەیە کە شەو و ڕۆژ درێژییەکەی یەکسانە. ئەمەش لە ساڵێکدا دووجار ڕوودەدات، واتە مانگەکانی "ئازار و ئەیلول" و بەهۆی مەیلبوونی تەوەرەکەی زەویەوەیە کاتێک بە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە. ئیکوینۆکس وەک نوێنەرایەتییەکی ڕەمزی هاوسەنگی و هاوسەنگی سەیر دەکرێت و هاتنی بەهار وەک کاتێکی نوێبوونەوە و سەرەتای نوێ ئاهەنگ دەگێڕدرێت.**

## پ/ پێویستە ئێمەی کورد چۆن لە نەورۆز بڕوانین؟

**گەلانی وەکو سۆمەری، لۆلۆیی، گۆتی، کاشی، میتانی و هۆری بە باوباپیرانی کورد دادەنرێن کە گەلی کورد لەمڕۆدا بە میراتگری ئەوان دادەنرێت و هەر ئەوان نەتەوەی کوردیان دروست کردووە بەڵام گەر بگەڕێینەوە سەردەمێکی کەمێک لە پاش ئەوان کە دەوڵەتی ماد ٧٠٠ بەر لە زایین لەسەر دەستی پاشا دیاکۆ دروست بوو بە کۆکردنەوە  و یەکخستنی تیر و هۆزەکانی ئەوکاتەی کورد لە ژێر سێبەری یەک دەوڵەتدا ئەویش دەوڵەتی مادە کە لە ئەکباتانا (هەمەدان) دامەزرا و پاشان لە ناوچەکانی دیکەدا بەدەرکەوت. هەر بۆیە لە سەردەمی دەوڵەتی مادەوە نەورۆز وەک جەژنێکی نەتەوەیی یاد دەکرایەوە و ساڵنامەکە بوو بە ساڵنامەی فەرمیی دەوڵەت و هەموو گەل بە هەموو چین و ئاست و توێژەکانەوە یادی ئەم جەژنەیان دەکردەوە وەکو دەستکەوت. هەر لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە "دەوڵەتی کوردی" ئامانج و خەونی لە مێژەی ئەم گەلە بووە. لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی ماد و دەسەڵاتە کوردییەکانی تریش کورد لە ململانێی دەسەڵات بووە لەگەڵیاندا لە خاکی خۆیدا وژێر دەستەیی بینیوە بەڵام خەونی هەموو کورد جگە لە ناپاکەکان لە ڕابردوو، ئێستا**

و داهاتوودا بریتی بووە لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی کە هەموو تاکێکی کورد لە خۆ بگرێت و کوردستانیش وەکو لانکەیەک تەنها بۆ کورد سەیر بکرێت.

**پ/ ئایا کاوە و زوحاک چیرۆکی ڕاستەقینەی مێژووی کوردن یاخود تەنها ئەفسانە؟**

سەرەڕای ئەوەی ئەفسانەکان بەشێکی گرنگن لە مێژوو و کەلەپوری نەتەوەیەک بەڵام نابێت جەژنێکی گرینگی نەتەوایەتی لەسەر بنەمای ئەفسانەیەک دروست کرابێت کە خودی نەتەوەکە دروستیان نەکردووە بەڵکو تەنها دراوەتە پاڵ ئەم نەتەوەیەوە بۆ ئەوەی لە بەهای جەژنەکە کەم ببێتەوە و وا بکەن کورد لە مێژووی خۆی نەگات و ونی بکات. چیرۆکی "کاوەی ئاسنگەر و ئەژدەهاک" تەنها ئەفسانەیەکی درۆیینەی دوژمنە و هیچی تر، گەر چی لەوەیە لە چیرۆکی ڕووخانی دەوڵەتی مادەوە نزیک بێت بەڵام ئەمە هێشتا نایکات بەوەی کە لە قازانجی کورد بەکارهێنرابێت.

**پ/ هۆکاری ڕووخانی دەوڵەتی ماد چی بووە و هەروەها ئەمە چۆن بووە هۆی ئەوەی مێژووی کورد لە خودی ئێمە بشێوێنرێت؟**

پاش ئەوەی دیاکۆی پاشای ماد کۆچی دوایی دەکات کوڕەکەی بەناوی "فرەوەرتیش" دەسەڵات دەگرێتەوە دەست. بەڵام ئەمیش لە شەڕێکدا بەرامبەر ئاشوورییەکان گیان لە دەست دەدات. لە پاشاندا "کەی خوسرەو" بەسەر ئاشوورییەکاندا سەردەکەوێت و لە دەسەڵاتی میدیەکانی دوورخستنەوە و توانی بۆ ئەم مەبەستەش لەگەل کلدانییەکان سیاسەت پێکبهێنێت دژ بە ئاشوورییەکان و دەوڵەتی ماد دەسەڵاتێکی باشی بە خۆیەوە بینی لە سەردەمی ئەم پاشایەدا.

له پاش ئەمدا کوڕەکەی واتە "ئەستیاگ" (ئەژدەهاک – زوحاک) دەسەڵاتی گرتە دەست. ئەم پاشایەش وا گوایە لە کۆتا ساتەکانی تەمەنیدا بەهۆی خەریکبوون بە خۆشی دنیایی ئاگای لە قەڵەمڕەویی دەسەڵاتەکەی نەماوە. ئەم پاشایە کچەکەی، "ماندانا" داوە بە پارسییەکی ئەخمینی، کچەزای پاشا ئەستیاگ "کۆرشی ئەخمینی" بە هاوکاری "هارپاک"ی گەورە وەزیری دەوڵەتی ماد توانیان بە پلانگێڕییەک لە دژی ئاستیاگدا ڕێکبخەن ببنە هۆی ڕووخانی دەوڵەتی ماد، لێرەدا کۆتایی بە دەسەڵاتی ١٥٠ ساڵەی مادەکان هات و دەوڵەتی ئەخمینی پارسی لە دەستی کوردێکی دووڕەگ دروست بوو. ئا لێرەوە هاتوون ئاستیاگی دواهەمین پادشای مادیان کردووە بە "زوحاک"ێ خوێنڕێژ و کۆرشی پاشای ئەخمینییەکانیان کرد بە "کاوەی ئاسنگەر" و قارەمان، ڕووداوێکی راستەقینەیان کرد بە چیرۆکێکی ئەفسانەیی دژ بە نەتەوەی خۆمان کە تیایدا کەسێکی ناپاکی وەک کۆرش کراوە بە پاڵەوان و پاشایەکی وەکو ئاستیاگیش کراوە بە ناپاک و ئەمە بووە هۆی ونکردنی مێژوو لێمان.

## پرسیار/ ئایا جەژنی نەورۆز دژی بنەماکان ئایینی ئیسلامە؟*1

نەورۆز جەژنی "ئایینی" نیە تا پشت بە بەڵگەی شەرعی ببەستین بۆ حەڵاڵ و حەرامبوونی، بەڵکوو جەژنێکی نەتەوەییە و دەکەوێتە قاڵبی (عادات) (نەریت)ەوە قاعیدەیەکی ئوسوڵیش هەیە دەڵێ (الأصل في العادات الإباحة) بنەڕەت لەنەریت دا "ڕێپێدراوە" واتا کردن و نەکردنی یەک شتە و ئەنجامدەرەکەی لۆمەی لەسەر نیە. مەعلومی هەموانە کە هۆزێکی حەبەشیەکان لەنێو مزگەوتی پێغەمبەری خوا دا د.خ. جۆرە سەمایەکی تایبەت بە کلتوری خۆیان ئەنجام دا پێغەمبەری خوا د.خ.

**نەک هەر لۆمەی نەکردن بەڵکو هانی دایکمان عائشەی دا تەماشای ئەو دیمەنە بکات.**

**سەبارەت بە کردنەوەی ئاگر بەپشتیوانیی خوا دەڵێم:**

**کردنەوەی ئاگر حەرام نیە هەر وەکو لە قورئان دا باسی کاری سەرەکی ئاگر کراوە کە بۆ ڕووناکی و گەرم کردنەوە و ئاگادارکردنەوە بەکاردێت و کاتی خۆی خەڵکی بەئاگر کردنەوە لەشاخەکانی دێی گلّەزەردە ڕایان دەگەیاند کەسبەی جەژنە کەوابێت بۆ هێمایە نەک ئاگر پەرستی، خۆ ئەگەر لەسەدەکانی رابردوودا گەلێک یاخود هۆزێک بۆ پەرستن بەکاریان هێنابێ ئەمە مانای حەرام بونی بۆ ئێمە ناگەیەنێت چونکە گەل و هۆزیش هەبوە کە بۆ شتی تر بەکاریان هێناوە.**

**لە پاڵ ئەوەشدا یەک زانای کورد نەبووە یادی نەورۆزی بە حەرام زانیبێت بەڵکو مەلای گەورەی کۆیە کە راڤەکاری قورئانی پیرۆزە لەساڵی ١٩٣٨ لەبەردەرکی سەرا دا ڕاوەستاوە و هۆنراوەی لەسەر نەورۆز وتووە. هەروەها مامۆستای کوردی ئیسلامی (مامۆستا عەبدولکەریم مودەڕیس) دەفەرموێت نەورۆز هەر لەکۆندا لە ناو موسڵمانان هەبووە هیچ دژی ئایین نیە و جەژنی نەتەوەیی کوردە.**